# یاریزانێکی گەرمیانی لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکات




زەنگ : باوکی میران

**دوای ئەوەی لە وەرزی رابردووی خوولی عێراق ئاستێکی باشی نواند نازم شاکر راهێنەری هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق بانگهێشتی یاریزان سالار عەبدولجەباری کرد بۆ ریزی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی .**

سالار کە ئێستا بۆ یانەی دهۆک یاری دەکات وتی:" خۆشحاڵم بەوەی بانگهێشت کراوم بۆ ریزی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق و هیوادارم کە بتوانم ئاستێکی باشتر بنوێنم و بیسەڵمێنم کە شایستەی ئەو بانگهێشتەی کاپتن نازم شاکر ببم" .

سەبارەت بە خۆ ئامادەکارییەکانی یانەی دهۆک سالار ئاماژەی بەوە دا ماوەیەکە سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنانن وچەند کەمپێکی راهێنانیان بۆ کراوەتەوە.

# ڕۆبن لە ئیسپانیاوە بۆ ئەڵمانیا



زەنگ-حمودی

**لە لێدوانێکدا ڕۆبنی هۆڵەندی و یاریزانی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانیا ڕایگەیاندوە کە ڕیاڵ ناچاری کردوە لە ئیسپانیاوە بڕوات بۆ ئەڵمانیا.**

دوای ئەوەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەرسێ وڵاتی هۆڵەندا و ئیسپانیا و ئەڵمانیا ئاشکرا کرا کە ئاریان ڕۆبن لە یانەی شاهانەوە گواستراوەتەوە بۆ یانەی بایرن میونخی ئەڵمانیا بۆ ئەو مەبەستە ڕۆبن لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەو سێ وڵاتە، وتی:"لە بارەی ڕۆشتنم بۆ یانەی بایەرمیونخ خۆشحاڵم هەرچەندە من نەمدەویست بڕۆم بەڵام یانەی ڕیاڵ دەیویست بمفرۆشێت بۆیە منیش بەدوای داهاتووم گەڕام و دڵنیا بووم کە بایەرمیونخ منی ئەوێت بۆیە بڕیارمدا بڕۆم بۆ ئەو یانەیە چونکە یانەیەکی باش و بەناوبانگە لە ئەوروپا و ئەڵمانیا".

# کانۆتی: ڕۆژوو هێز و زەبری یاریزان زیاد دەکات




ئا/ هزرڤان فاتیح

**لەگەڵ دەستپێکردنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا هەندێ لە یاریزانانی خولە ئەوروپیەکان واتا یاریزانە موسوڵمانەکان لەم مانکەدا بەڕۆژوو دەبن سەرەڕای بەردەوام بوونیان لەو خولە بەهێزانەدا لەو یاریزانانەش محەمەد دیارا و عومەر کانۆتی و کەریم بەنزیمە و یەحیا تۆریە و بیلال ڕیبێری .**

لەمبارەیەوە یاریزانی موسوڵمانی هەڵبژاردەی مالی و یانەی ئیشبلیەی ئیسپانی "عومەر کانۆتی" لە لێدوانێکدا لە هەفتەی ڕابردوودا ئەوەی ئاشکرا کرد کە لە گەڵ دەستپێکردنی مانگی ڕەمەزاندا ئەم مانگە بە تەواوی دەگرێت ، سەرەڕای بوونی چەند یارییەکی قورس بۆ ئیشبیلیە لە خولی ئیسپانیدا و کانۆتیە ئەوەی دووپاتکردەوە کە پابەند دەبێت بە لایەنی ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلامەوە و هەروەها ووتیشی " کە ڕۆژوو گرتن دەبێتە زیاد بوونی زەبر و هێزی موسوڵمان و هەروەها یاریزانانیش و نابێتە هۆی لاوازی کە هەندێ کەس بە لایانەوە وایە " و کانۆتی بەردەوامی بە لێدوانەکانی دا و گووتی " لە گەڵ بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی لە باشووری ئیسپانیا ڕەنگە هەندێک قورس بێت بەڵام بە پشتیوانی خوا دەتوانم ڕۆژوو بگرم و من باوەڕم زۆر سوودم پێدەگەیەنێت لە ناو یاریگادا و هەروەها تۆپی پێش سوودم پێدەگەیەنێت لە لایەنی تەندروستیەوە و هیچ لاری یان کێشەیەک نیە لە نێوانیاندا و ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام باش بناسێت دەزانێت کە ڕۆژوو هێزی موسوڵمانان زیاد دەکات و لاوازی ناکات " ، شایانی باسە سەرەڕای ئەو یاریزانانە هەندێ یاریزانی تریش وەک بیلال ئەبیدال و سیدۆ کیتا و لاسانا دیارا و ڕۆبن ڤان پیرسی و سولەیمان مۆنتاری و عبدالسلام ئەنێلکا و محەمەد سیۆکۆ و هی تر بەڕۆژوو دەبن لەم مانگەدا کە لە خولە بەهێزەکانی ئەوروپادا یاری دەکەن بەڵام هەندێکیان لە ڕۆژی یارییەکاندا بە ڕۆژوو نابن وەک سێ یاریزانەکەی یانەی بەرشلۆنە ، پێچەوانەی هەندێکی تریان کە لە ڕۆژی یارییەکاندا بە ڕۆژوو دەبن وەک عبدالسلام ئەنێلکا کە لە هەفتەی رابردوودا کە گۆڵێکی بۆ یانەی تشیلسی تۆمارکرد کە بەئەنجامی ٢-٠ لە یانەی فولهامی بردەوە لە خولی ئینگلیزیدا .

# کفری بۆ بەرامبەر هەڵەبجە دۆڕا؟



ئا: کارزان

**رۆژی ٢٦ ئەم مانگە یانەی کفری لە میانەی یارییەکانی پلە دووەکانی کوردستان بەرامبەر بە یانەی هەڵبجەی‌شەهیدلە ناو یاریگای هەڵەبجە یاریکرد.**

لەو یارییەدا کە کە یانەی کفری ( ١-٢) بەرامبەر هەڵەبجە دوڕا، تیدا یانەی کفری وەکو راهێنەری یانەکە باسی لێوە ئەکات ئاستێکی باشیان پێشکەشکرد، بەڵام بەهۆی پابەند نەبوونی یاریزانان بە پلان و پێکاتەکەوە وایکرد کە ئەو ئەنجامەی لێبکەوێتەوە .

راهێنەری یانەکە ( مەجید مستەفا) وتیشی:"ئەو پلانەی کە من بە یاریزانەکانم ئەدا بە جوانی جێبەجێیان نەدەکرد، ئێمە بە شێوەیەکی باش یاریمان دەکرد، زۆرترین هێریشیشمان برد، ئەوان تەنها لە گێمی یەکەمدا یەک هێرشیان هێنا ئەمەش نیشانەی کۆنترۆڵی یانەکەی ئێمە بوو".

یاریزانی کفریش لە بەرامبەردا ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن کە وەکو پێویست پلانەکەیان بە دڵ نەبووە، یاریزانان عەلی جەلیل یاریزانی یانەی کفری پێوتیت :" ئێمە یاری ترمان لە پێش ماوە بەڵام یاری ئێمە لە گەڵ یانەی باوەنوور چارەنوسی یانەکە یەکلا دەکاتەوە بە بردنەوەمان لە پلە دوودا دەمێنینەوە بە دۆڕانیشمان دادەبەزین بۆ پلە سێ ".

یانەی کفری کە کەوتۆتە گروپی ( کفری، هەڵەبجە، شارەزوور، باوەنور، جەلەولا) پێویستی بە بردنەوەی ترە تاکو لە پلە دوودا بمێنێتەوە. یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە ئەو یاریزانە باسی لێوەکرد، نەبوونی (پاسی )تایبەت بە یانەکە کە وایکردە لە کاتی چونیان بۆ هەڵەبجە وەکو پێویست لە شوێنی خۆیان لە ناو پاسەکە شوینیان باش نەبێت.. لە بەرامبەریشدا (رەحیم سەعید) بەرپرسی یانەکە ئەوەی راگەیاند کە ئەو پاسەی کە یانەکە پێی رۆیشتوون زۆر لەوانەی خۆیان باشترە ئەوەشی وەکو پاساوێک باسکرد لەوەی یاریزانەکان هێناویانەتەوە.

راهێنەری یانەکەش باس لەوە ئەکات لە کاتی چونیان بۆ هەڵەبجە، شوێنێکی تایبەتیان بۆ تەرخان نەکراوەتاکو یاریزان پشوویەکی تیدا بدات، لەبەر بێشوینی لە مزگەوتدا ماوینتەوە تاکو بە یانەی هەڵەبجەمان وتووە، رەنگە ئەوەش یەکێک بێت لە

# لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، تەنها سێ کەسی تازە بۆ شێروانە خۆی هەڵدەبژێرێت

زەنگ ـ مەریوان حەسەن

**جێگری بەرێوبەری یانەی وەرزشی شێروانە دەڵێت:" تا ئێستا ئەوەی خۆی کاندید کردبێت بۆ بەرێوەبردنی کارگێری یانەی شێروانە تەنها سێ کەسن و ئیتر ئەوانی تر هەمووی هەمان دەستەی پێشووین خۆمان هەڵدەبژێرین:"،**

ئازاد حسێن جێگری بەرێوبەری یانەی وەرزشی شێروانە رایگەیاند:" لە رووی کاندیدەوە ئێمە رێگەمان نەگرتووە لە کەس خۆی هەڵبژێرێت بەڵام خۆ کاندید کردن مەرجی خۆی هەیە یەکێک لەوانە دەبێت ئەو کەسە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک کاری کردبێت لە ناو ئەو یانەیە ئێمە هەموو لایەکمان ئاگادار کردووەتەوە کێ خۆی کاندید دەکات با بێت لە گەڵ ئەوەیشدا ئیدارەی یانە هەروا ئاسان نیە هەموو کەسێک بەرێوەی ببات وە ئەوەی دەبێتە دەستەی کارگێری نابێت یاریزان بێت و یان راهێنەر بێت ، وتیشی:" ئێمە تا ئێستا سێ کەس هاتووەتە لامان خۆی هەڵبژێرێت

# ئیتالیەکان ڕێگا نادەن بەژنانی موسڵمان مەلە بکەن



زەنگ- هەردی

**مەلەکرنی ژنان بە (بۆرکینی) لە دەریاچە و مەلەوانگەکانی ئیتاڵیا قەدەغەیە و هەر کەسێک بە جلی بۆرکێنی یان جلی پۆشراو هاوشێوەی مەلە بکات بە بڕی ٥٠٠یۆرۆ سزا دەدرێت.**

لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئیتاڵیا هەواڵی ئەوە ئاشکرا کراوە کە هەر ژنێکی موسڵمان لە وڵاتەکەیان بە پۆشاکی شەرعی لە دەریاچە یان مەلەوانگەکانیان مەلە بکەن سزا دەدرێن بە بڕی ٥٠٠ یۆرۆ، (جان لۆکا)ی پەرلەمانتاری ئیتاڵیا و سەرۆکی شارەوانی لە باکوری ئیتاڵیا ڕایگەیاندووە کە بەبینینی ئەو پۆشاکە منداڵەکانی ئیتاڵیا نارەحەت دەبن ، بۆ تەندروستیش باش نیە بۆیە بڕیاری قەدەغەکردنیان دراوە، بە پێی ڕاپرسیک لە ئیتاڵیا ٧٦%ی ئیاڵیەکان پێیان باشە پۆشاکی شەرعی کە بە بۆرکێنی ناسراوە یان هاوشێوەی قەدەغەبکرێت.

# ٣٢ یانە بەشداری چامپیۆ دەکەن

زەنگ

**لە مۆنتی کارلۆ تیر وپشک بۆ ئەو ٣٢ یانە ئەوروپیانەی کە سەر کەوتوون بۆ قۆناغی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا راکێشرا و دابەشی ٨ کۆمەڵەی ٤ یانەی دەکرێن و ڕەچاوی ئاستی یانەکان و دوو یانەی یەک وڵاتیش ناخرێتە یەک کۆمەڵەوە.**

بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی ناودار و بەناوبانگی جیهان و سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ جیهان (فیفا) تیرۆپشکی یانە پاڵەوانەکانی جیهان ڕاکێشرا کە تەنها ٣٢ یانەی پلە نایاب بەشداری کرد و کە دابەشی سەر ٨گروپ و هەر گروپێ ٤ یانە لە خۆ دەگرێت و ڕەچاوی ئاستی یانەکان کراوە، هەر دوو یانەی یەک وڵات لە یەک گروپ نابن لە ئەنجام قۆناغی یەکەم دوو یانە سەر دەکەوێت بۆ قۆناغی دووەم، ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە هەردوو یانەی بەناوبانگ بەرشەلۆنە و ئەنتەرمیلان لە یەک گروپن و بووتەهۆی نیگەرانی یاریزانی پێشوی ئەنتەر و ئێستای بەرشە ئیبراهیموفیچ چونکە پێشتر بە باشترین یاریزانی ئەنتەرمیلان دەستنیشان کرا.